# ڕۆڵی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە گۆڕانکاریە بنچینەییەکانی تورکیا لە سالانی١٩٢٣-١٩٣٩ز

پێشکەش بە زانستە کۆمەڵایەتیەکان کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

**ئامادەکراوە لە لایەن**

**توانا عبدالکریم صابر**

**ڕۆشنا شریف حسین**

**بەسەرپەرشتی**

**م/پەیمان عبدالله**

**نیسانی ٢٠٢٢**

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خودای مەزن کەتەمەنی پێ بەخشین تاکو سالآنی خوێندنم بە سەرکەوتویی تەواو بکەم.
- زۆر سوباس بۆ خانەوادەکانمان کە پێمانەوە ماندوو بوون.
- سوپاس بۆ هەموو مامۆستا بەڕێزەکانی بەشی زانستە کۆمەلآیەتیەکان کە ئەو چوار ساڵە پێمانەوە ماندوو سوپاس بۆ ئێوە هەمیشە هەستی سوپاسگوزاریمان بۆتان هەیە.
- سوپاس بۆ سەرپەشیتاری توێژینەوەکەمان(م/پەیمان عبدالله) کە زۆر پێمانەوە ماندوو بوو.

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | پێشەکی. |
| ٣ | تەوەری یەکەم/ (مستەفا کەمال) و گۆڕانکارییە سیاسیەکان |
| ٤ | ١- ڕەتکردنەوەی سەلتەنەت. |
| ٧ | ٢- کاریگەری بڕیارەکانی پەیمان نامەی لۆزان لەسەر دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ. |
| ٨ | ٣-ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری. |
| ١٠ | ٤- هەڵگرتنی خەلافەت. |
| ١٥ | تەوەری دووەم/ گۆڕانکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان لە ساڵانی١٩٢٣-١٩٣٩ز.<br>یەکەم/ گۆڕانکاریە ئابوریەکان. |
| ١٨ | دووەم / گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆشنبیریەکان.<br>أ- جل و بەرگ و مافی ئافرەت. |
| ٢٠ | ب- بە ڕۆژئاوایی کردنی زمانی تورکی. |
| ٢١ | ج-یەکخستنی خوێندن و خۆڕایی کردنی خوێندن لە تورکیا. |
| ٢٣ | دەرئەنجام |
| ٢٤ | لیستی سەرچاوەکان |

## پێشەكی

**(ڕۆڵی (مستەفا كەمال) ئەتاتورك لە گۆڕانكاریە بنچینەییەكانی توركیا لە سالآنی١٩٢٣-١٩٣٩ز)** لێكۆلینەوەیەكی مێژووییە بە یەكێك لە گرینگترین ماوە لە مێژووی توركیا دادەندرێت كە كاریگەری قوولّ و گرینگی مەعنەوی لە فەرهەنگی توركیا بەجێ هێشتووە ، بەتایبەتی دەركەوتنی (مستەفا كەمال) ئەتاتورك لە سەر شانۆی سیاسی ولآتێكی وەك توركیا بە گەورە ترین ڕووداوی مێژووی و سیاسی ئەو ولآتە هەژمار دەكرێت ، كە لە مێژودا ڕەنگدانەوەیەكی زۆری هەبوو بەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی توركیا ، هەر لەم چوار چێوەیەدا ولآتی توركیا دەولەمەندە بە ڕووداوی سیاسی و گۆرانكاری ڕیشەیی ، هەرلەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئەمرۆ ، هەموو ئەو ڕووداوانەی بەسەر توركیا داهاتووە شوێن پێیان لەسەر مێژووی توركیا دیارە ، لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانیدا هەروەكو دەردەكەوێت لەسەرنەخشەی سیاسی نێودەولّەتی لە ئەنجامی ئەو گۆرانكاریە سیاسیانەی كەلە ناوچەكەدا درووست بوول لە دوای شكست هێنانی دەولّەتی عوسمانی لەم جەنگەدا، دەولّەتە هاوپەیمانەكان دەستیات كرد بە وێنە كردنی سنوری توركیای كەمالی.

ئەم لێكۆلینەوەیە لە پێشەكی و دوو تەوەرو دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەكان پێكهاتووە ، تەوەری یەكەم لە ژێرناونیشانی(**(مستەفا كەمال) و گۆڕانكارییە سیاسیەكان**) بە ووردی باسی ئەو گۆڕانكارییەكانە دەكات كە دوای جەنگی جیهانی یەكەم درووست بوو ئەمەش كاریگەری راستەخۆی هەبوو بەسەر بارووددۆخی ولاتی توركیا ، ئەمەش لە چەندی ڕووداوێك خۆی دەبینێتەوە كە ئەمانە بوون(**ڕەتكردنەوەی سەلتەنەت ، كاریگەری بڕیارەكانی پەیمان نامەی لۆزان لەسەر دامەزراندنی كۆماری توركیای نوێ ، ڕاگەیاندنی سیستەمی كۆماری ، هەلگرتنی خەلافەت**)

تەوەری یەكەم لە ژێرناونیشانی(**كۆمەلآیەتیەكان و ڕۆشنبیرییەكان و گۆڕانكاریە ئابوری**) لەم تەوەرەدا تیشك خراوەتە سەر ئەو گۆڕانكارییە ئابووری و كۆمەلایەتیانەی كە كە (مستەفا كەمال) ئەنجامی دا ئەمەش لە پێكهاتووە لە دوو لایەنی گرینگ كە ئەمانەن(**گۆڕانكاریە ئابوری و كۆمەلآیەتیەكان ، گۆڕانكاریە ئابووریەكان**).

سەبارەت بە گیرگرفتەكانی لێكۆلینەوەكەم لەڕاستیدا ئەمە شتێكی سروشتیە كە لە كاتی لێكۆلینەوە لە هەر بابەتێك ، ئەم توێژینەوەیە چەندی گیرو گرفت هاتوتە پێشەوە بۆ دەولّەمەند كردنی ئەم

توێژینەوەیـــــەش وەک کـــــەمی ســــــەرچاوەو نـــــەبوونی ســــــەرچاوە بـــــەزمانی کوردی هەروەها کەمی ماوە یەکێک بوو لە گیرو گرفتەکان.

بـــۆ دەولەمەنـــد کردنـــی ئـــەم توێژینەوەیـــەش پشـــتم بـــە چەنـــدین ســـەرچاوەی جـــۆراو جـــۆر بەســـتووە وەک لـــە لیســـتی ســـەرچاوەکان ئامـــاژەی پێـــدراوە ، بـــەڵام گرینگتـــرین ئـــەو ســـەرچاوانەی کـــە مـــن زیـــاد لـــە پێویســـت پشـــتم پـــێ بەســـت ئەمانـــە بـــوون مســـتەفا کـــەمال ئـــەتاتورک/ مسنور عبدالحكيم ) ،(تركيـــا فـــی القـــرن العشـــرين ، د. احمـــد عبـــدالعزيز محمـــود) ،(تركيـــا المعاصـــرة ، د. ابراهيم خليل احمد)

ماوەتـــەوە بگـــوترێ ئـــەم توێژینەوەیـــە لەکـــەم و کـــوری بـــێ بـــەش نیـــە بۆیـــە هیـــوادارم کـــەلێنێکمان لـــە بـــواری نوســـین و گرینگـــی دان لـــە بـــواری دەوڵـــەتی نـــوێی تورکیـــا و ڕۆڵـــی (مســـتەفا کـــەمال) ئـــەتاتورک لـــە گۆڕانکاریـــە بنچینەییەکانی تورکیا لە ساڵانی١٩٢٣-١٩٣٩ز پڕ کردبێتەوە.

## تەوەری یەکەم/ (مستەفا کەمال) و گۆڕانکارییە سیاسیەکان.

دوای ئەوەی کە نارەزاییەکان لە ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی پەرەی سەند لە دژی داگیرکاری هاوپەیمانان لە لایەک و دەستەو وەستانی سوڵتانی عوسمانی لە دژی داگیرکاری لە لایەکی ترەوە وە سەرکەوتنە یەک لە دوایی یەکەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی بە سەرکردایەتی کەمالییەکان دژی ئەم داگیرکارییە بە تایبەت دژی یونانیەکان لە شەڕەکاندا بە تایبەت سەقاریاو ئازاد کردنی شاری ئەزمیر لەدەست یۆنانیەکان(فتح اللە ، ٢٠٢ ، لا٣٨٧) ، پێگەی (مستەفا کەمال) زۆر بە هێز بوو لە بەرامبەریشدا ئاستی جەماوەری و پێگەی سوڵتان و حکومەتەکەی بەرەو لاوازی دەچوو.

شارەکان یەک لە دوای یەک ئازاد دەکران و هاوپەیمانان لە پاشەکشەدا بوون ، بۆیە هاوپەیمانان بە تایبەت بەریتانیا بیریان لە ڕێگە چارەیەکی تر کردەوە و بە گفتوگۆ کردن لەگەل کەمالیەکاندا دوای ئەوە هاوپەیمانان داوای بەستنی کۆنفراسیان کرد لەگەل (مستەفا کەمال)[١]، دا لە مۆدانیا کە دواتر ئاگربەستی مۆدانیای بە دوای خۆیدا هێنا لە ١٩٢٢/١٠/١١ ئاگربەست ڕاگەیندرا وە لە ١٠/١٥ واتە چوار ڕۆژ دوای ڕێکەوتنەکە ، لەم ئاگر بەستەدا کەمالیەکان بە پێگەیەکی بە هێزەوە بەشداریان تێدا کرد و پاش ئەوە (مستەفا کەمال) وەک غازی(ڕزگارکەر) لە ناوەخۆدا ناوبانگی دەرکرد(نورالدین ، ٢٠٢٠ ، ٢٩-٣٧).

---

(١) مستەفا کەمال: لە سالی١٨٨٠ز لە شاری سلانیک-کەبەندەرێکی یونانیە لە باکوری دەریایی ئیجە لە دایک بووە، باوکی ناوی علی رەزا ئەفەندییە دایکیشی ناوی لەتەمەنی ١٨ سالیەوەچۆتە قوتابخانەی جەنگی ( المدرسە الحربیە)لە ئەستەمبوڵ لەوکاتەوە بەشداری لەکاری ڕامیاری کرد بە تایبەتی ووتار خویندنەوە ، لەسالی١٩٠٥ز چۆتە کۆلیژی جەنگی (الکلیە الحربیە) بە پلەی نەقیب دەرچووە بەشداری لە دامەزراندی چەند کۆمەڵەو ڕێکخراویک کردووە لەوانە(کۆمەلەی نیشتیمان(کۆمەلەی نیشتیمان و ئازادی) ،بۆیەکەم جار مستەفا کەمال لەشەرەکانی نیمچەدوورگەی خالید ولی بە تایبەتی لەجەنگی ئەنادفورتا(کەگردیکە نزیک گەرووی دەردە نیل) ناوبانگی دەرکردلە سالی١٩١٥زدا ڕوویدا توانی سوپای ئینگلیزەکان ناچار بکاتک کەناوچەکە چۆل بکەن نەهێلێت یارمەتی بۆ ڕووسەکان ببەن، بروانە:(النعیمی ، ١٩٨١ ،ص٣٦ ) ؛ (زلوم ، ، ١٩٦٢، ص٨١).

### ١- ڕەتکردنەوەی سەلتەنەت.

واتــــــه ســــــرکردنی دەســــــەڵاتی سیاســــــی ســــــولتانی عوســــــمانی وه هێشتنەوەی تەنها وەک خەلیفە.

پــــاش ئـــەوەی کـــه بزوتنـــەوەی کەمالیـــەکان لـــه ئاســـتی دیبلوماســـی و ســـــەربازی ســـــەرکەوتنی بـــــەرچاویان بەدەســـــت هێنــــا وه پێگـــــەی خـــــودی (مســـتەفا کـــەمال) زۆر بـــه هێـــز بـــوو بۆیـــه ئـــەوان (واتـــه کەمالیەکا)دەســـەڵاتی ســـــولّتانیان بـــــه بەربەســـــتێکی گـــــەورە دەزانـــــی لـــــه ڕێگـــــای بـــــەدی هێنـــــانی ئامانجەکانیان.

لـــــه تشـــــرینی دووەمـــــی ١٩٢٢ ئەنجومـــــەنی نیشـــــتیمانی کۆبونـــــەوە دووەمـــی خـــۆی کـــرد بـــۆ گفتۆگـــۆ کـــردن لـــه ســـەر بابـــەتی دەســـەڵاتی ســـولّتان ، (مســـتەفا کـــەمال) وتـــارێکی پێشـــکەش کـــرد کـــه تێـــدا ئامـــاژەی بـــەوە کـــرد کـــه لـــه تواناپانـــدا هەیـــه دەســـــەڵاتی سیاســـــی و خەلافـــــەت لـــــه یـــــەکتر جیـــــا بکەنـــــەوە وەجـــــەختی لەســـــەر ئـــــەوە کـــــردەوە کـــــه پێویســـــتە ســـــەروەرییە نیشـــــتیمانیەکان بگوازرێتـــــەوە بـــــۆ ئەنجومـــــەنی نیشـــــتیمانی وه ووتـــــی کـــــه دام دەزگـــــای سەڵتەنەنت کۆتایی هاتووە(الزین ، م.س ،ص١٤١)

بـــۆ ئـــەم مەبەســـتە پێشـــنیار کـــرا کـــه ســـێ لێژنـــه لـــه نـــاو ئەنجومـــەنی نیشـــتیانی پێکبهێنـــدرێت( دەســـــتوری ، شـــــەرعی ، یاســـــایی) بـــــۆ چارەســـــەرکردنی ئـــەو کێشـــەیە ، بـــەڵام ئـــەم پرۆژەیـــه لـــه لایـــەن لێژنەکانـــەوە ڕەت کرایـــەوە بۆیـــه پاشـــــان (مســـــتەفا کـــــەمال) بۆخـــــۆی وتـــــارێکی تونـــــدی ئاراســـــتەی ئەنجومـــــەنی نوێنـــەران کـــرد و بـــەدەنگی بـــەرز هـــاواری کـــرە بـــەرێزان ســـەروەری مافێکـــه کـــه نـــابێ بگوازرێتـــەوە بـــۆ هـــیچ کەســـێک ، بەدەنگـــدانی تەقلیـــدی بـــەڵکو ســـەروەری لـــه ڕێگـــەی هێـــزەوە بەجەســـت دێـــت ، بنەماڵـــەی عوســـمانی ئـــەوە بـــۆ شـــەش ســـــەدەیە دەســـــەڵاتیان زەوت کـــــردوە بۆیـــــه ئێســـــتا کـــــاتی ئـــــەوە هـــــاتووە کـــــه میللـــــەت شـــــوێنیان بگرێنـــــەوە ، وه ســـــەروەری بگوازنـــــەوە بـــــۆ گـــــەل ، وه پێویســـــــــتە ئەمـــــــــەش بـــــــــه هـــــــــەر نرخێـــــــــک بـــــــــێ بەدەســـــــــت بێـــت(الـــزین،م.س،ص١٤٢)،بۆیـــه ئامـــادە بـــوان تێگەیشـــتن گـــه دەبێـــت پرۆژەکـــه بـــه هـــەر شـــێوەیەک بێـــت دەبێـــت تێبەپـــەرێت ، وه دواتـــر ڕەزامەنـــدی لەســـەر درا لـــــه ١٩٢٢/١١/١ ســـــەڵتەنەت هەڵوەشـــــێندرایەوە و جیـــــاکراوە لەخەلافـــــەت

وە سولتان (محەمەدی شەشەم) لە ١٩٢٢/١١/١٧ تورکیا بەرەو مالتا بەجێ هێشت(احمد ، ١٩٨٨ ،ص٤٠).

پاشان (مستەفا کەمال) (رەفعەت پاشای) نارد بۆ ئەستەمبوڵ و نوێنەری هاوپەیمانای ئاگادار کرەوە کە دەسەڵات دراوە بە ئەنجومەنی نیشتیمانی و دەسەڵات کەوتە دەست حکومەتی ئەنقەرە پاش ئەم بڕیارە دەسەڵات لە سولتان سەندرایەوە وە سوڵتان تەنها وەک ڕێبەرێکی ڕووحی(گیانی) ڕۆڵی خۆی هەبوو وە گشت دەسەڵاتەکانی سیاسی و ئیداری و داراییەکان لە سولتان سەندرایەوە درایە ئەنجومەنی نیشتیمانی بە تایبەت خودی (مستەفا کەمال)(فتح الله ، ١٩٢٠ ، ص٥٨).

دانانی بنەمایەکی نوی بو دەوڵەت بەڕێوەبردن لە ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا و بوونی (مستەفا کەمال) ئەتاتورک بە سەرۆک کۆماری تورکیا و کوتایی هێنان بە حوکمی چەند سەدەی سوڵتانە عوسمانیەکان بە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بووە هۆکاری دروست بوونی چەندین پێشهاتی نوی لە تورکیا هەرچەندە پۆستی خەلیفە لە دەسەڵاتی ئاینی زیاتر هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نەبوو بەڵام وەک ئامرازێکی بەستەر دەبینرا کە تورکەکان بە ڕابردویان دەبەستێتەوە، ئەو هۆکارانەی کە بووە هۆی ئەوەی (مستەفا کەمال) کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت بکات(احمد ، ١٩٨٨ ،ص٤٨) زۆر بوون لەوانەی رق و کینەی کەسی (مستەفا کەمال) بەرامبەر ئیسلام و ڕێساکانی هەروەها ئارەزووی ئەو بۆ لەناوبردنی هەموو ئەوانەی کە دژایەتیان دەکرد و بەرامبەر خۆی و کردارەکانی دەوەستانەوە ، سەرەڕای ئەوە ئامانجی تری هەبوو کە ئەویش ڕازی کردنی هێزە دەرەکیە هاوپەیمانەکانی بوو وە بردنەسەری پەیمانەکانی کە پێی دابوون بە هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت و خەلافەت وە هەوڵدان بۆ وەرگرتنی یاسا ڕۆژئاواییەکان وە ئەو کارەی پێ نەدەکرا تا هەموو وەزارەتەکان نەخاتە ژێر دەستی خۆی وە هەروەها ئەنجوومەنی نوێنەرانیش بکاتە لایەنگری خۆی ، هەر بۆیە رۆژێک پێش ئەوەی کۆماری تورکیا ڕابگەیەنرێت هەستا بە ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیرانێکی نوێ بە سەرۆکایەتی (عیسمەت ئینونو) کە وەک سێبەرێک و کۆیلەیەکی (مستەفا

کەمال) هەڵسوکەوتی دەکرد ، وە لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران زۆرینەی لە کەسی سەربازی پێکهاتبوون داوای لێکردن بگەڕێنەوە سەر کاری سەرەکی خۆیان کە سەربازیە، بەمەش کەسی تری هێنا ئەنجوومەنی نوێنەران کە لایەنگری خۆی بوون و لە قسەی دەرنەدەچوون بۆ ئەوەی هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆن نەمێنێ(فتحالله،١٩٢٠،ص٦١).

پاش چوار مانگ لە راگەیاندنی کۆماری تورکیا (مستەفا کەمال) و (عیسمەت ئینونو)ی سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری و سەرۆکی ئەرکان چوون بۆ ئیزمیر و لەسەر فەرمانی (مستەفا کەمال) خەلافەت هەڵوەشایەوە وە خەلیفە و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لە تورکیا دەرکران لە ٣ی ئازاری ١٩٢٤ وە خەلیفە (عەبدولمەجیدی کوڕی عەبدولعەزیز) گوێزرایەوە بۆ نیس لە باشوری فەرەنسا سەرەڕای ئەوەش وەزارەتی کاروباری شەرعی و وەزارەتی ئەوقافیش هەڵوەشانەوە، بە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت (مستەفا کەمال) یەکەم هێرشی بە ئاشکرای بۆ سەر هێزە ئیسلامیەکان کرد لەبەر ئەوەی بە هۆی ئەو گۆرانکاریە بنەڕەتیانە نارەزاییەکی بەرفراوان سەری هەڵدا وە رەخنە لە کەسایەتی (مستەفا کەمال) دەگیرا بەوەی کە هێزێکی رەهای هەیە و کۆنترۆڵی هەموو بابەتێک دەکات و چەندین جار زانایان هەوڵی تێکشکانی پلانی چاکسازیکەرەکانیان دەکرد و دوایان دەخستن بەلام ئەتاتورک توانی بەم هەنگاوە گشت هەوڵەکانیان پەک بخات (شاکر ، لا ٤٦-٤٧ ١٩٩٦؛ لویس، ٢٠١٦:لا٣٢٠-٣٢١). بە رای ئەتاتورک سیاسەت خراپە بۆ ئایین وە ئاین نابێت بکرێتە ئامرازێک بۆ سیاسەت کردن کە چەند سەدەیەک بوو بەم شێوەیە بوو، و هەر بۆیە دەبێت ئاین دەربهێنرێت لەوەی کە ببێتە ئامرازێک بۆ سیاسەتکردن ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی (مستەفا کەمال) کۆتایی بە خەلافەت هێنا (Dogan، ٢٠١٦: ١٣٨).

کۆتایی هێنان بە سەڵتەنەت وە پاشان هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت یەکێک بوو لە هەنگاوە سەرەکیەکانی ریفۆرم کە گرنگ بوو بکرێت چونکە بێ ئەو بڕیارە ریفۆرم کە بە مانای بە عەلمانیەت کردنی تورکیا دێت

نــەدەكــرا. هــەڵوەشــاندنەوەی ســەڵتەنــەت و خلافــەت بــووە مایــەی شــۆک بــۆ جیهــانی ئیســلامی لــەبــەر ئــەوەی ئــەو دوو پۆســتە نیشــانەی یــەک ریــزی و یــەكگرتــوویی موســڵمانان بــوو لــە جیهانــدا وە ئــەتــاتورک بــۆ ئــەوەی دڵنیــا بێتــەوە لــەوەی کــە کــەس بــەرهەڵســتی ناکــات لــەو بڕیــارە هــەســتا بــە دەرهێنــانی بڕیارێــک کــە تێیــدا ڕایگــەیانــد کــە ئــەوەی بــەرهەڵســتی هــەر بڕیــارێکی ئــەو بکــات بــە یاســا ســزا دەدرێــت و لــە ســێدارە دەدرێــت ، وە بــۆ ئــەوەی میللــەتــەکــەی بــاوەڕی پــی بکــەن (مســتەفا کــەمال) ئــەوەی بــە خەڵکــەکــە ڕاگــەیانــد کــەوا پێغــەمبــەر (د.خ) هــیچ کاتێــک باســی ئــەوەی نــەکــردووە کــە پێویســتە خــەلافــەت هــەبێــت، بــەڵکو تــەنهــا ڕینــوێنی شــوێنکەوتــوەکــانی کــردووە کــە نــەتــەوە جیــاوازەکــانی جیهــان بکــەن بــە موســڵمان ، بۆیــە دەکرێــت کــە خــەڵک ئــەو حکومــەتــە هــەڵبژێریت کــە ئــارەزوی لێیــە بــەو مــەرجــەی حکومــەتــەکــە بتــوانی بــە شــێوەیــەکــی جــوان ئیــدارەی دەوڵــەتــە ئیســلامەکــان بکات (Rahman et al.، ٢٠١٥، p٢٠٣).

**٢- کاریگــەری بڕیارەکــانی پــەیمان نامــەی لــۆزان لەســەر دامەزرانــدنی کۆمــاری تورکیای نوێ.**

لەســەرەتای خــۆ ئامــادەکردن بــۆ کــۆنگرەی لــۆزان کــەمالیــەکان پــاش ئــەوەی کــە هــەموو دەســەڵاتێکی سیاســیان لــە ســوڵتان ســەندووە بڕیاریانــدا لــە کــۆنگرەی لۆزانــدا بــەو پــەری هێــزەوە بەشــداری بکــەن ، ئــەم کۆنگرەیــە بــە دوو گــەڕ بەســترا گــەری یەکــەم لــە ١٩٢٣/١١/٢١ دەســتی پێکــرد تــا ١٩٢٣/٧/٢٤ بــەردەوام بــوو بــە بەشــداری وڵاتــانی بــەریتانیا و فەرەنســا و ئیتالیــا و یۆنــان و یابــان و ڕۆمانیــا و یوغســلافیا لــە لایــەک و وە نوێنــەری حکومــەتی ئەنقــەرە لــە لایــەکی تــر (عیســمەت پاشــا) بــە پلــەی وەزیــری دەرەوەی ، وە لــە ژێــر چــاودێری ئــەمریکا وهۆڵەنــدا و بــەلجیکا ، پــاش پێداگیریــەکی ســەخت نوێنــەری ئەنقــەرا لەســەر ئــازادی و ســەروەری خاکەکــەی توانیــان دەســکەوتی بــاش بــۆ خۆیــان مســۆگەر بکەن(احمد،١٩٨،ص٣٩).

پەیماننامــەی لــۆزان لــە ١٩٢٣/٧/٢٤ واژوو کــرا ئــەم پەیماننامەیــە ســەرکەوتنێکی گــەورە بــوو بــۆ کەمالیــەکان لەســەر ئاســتی نــاوخۆ و دەرەکــی

دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو حکومەتی ئەنقەرە توانی سەربەخۆی بۆ خاکەکەی بگەڕێنێتەوە ، دەسەلاتی ناوەندی بگەڕێنێتەوە ئەو شوێنانەی کە پێشتر داگیرکرابوون یان لە شەڕەکان لە دەستیان دابوو ، وە ئەو قەرزانەی کە لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بوو دابەش کران(فتح الله،٢٠٢٠،ص٥٩).

**٣-ڕاگەیاندنی سیستەمی کۆماری.**

بزوتنەوەی کەمالییەکان بە سەرکردایەتی (مستەفا کەمال) و هاوڕێیەکانی جەماوەریکی زۆریان لە سەرتاسەری ولات بەدەست هێنا و ئەمەش پاش ئەوە دێت کە ئەم بزووتنەوەیە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا بوو لە بوارەکانی سەربازی و دیبلۆماسی و جەماوەری ، پەیماننامەی لۆزان ئەم سەرکەوتنانەی زیاتر درەوشاوەتر کرد بۆ کەمالییەکان ، بۆیە بووە دەرفەتێک بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی حوزەیران ١٩٢٣ بە گرۆتینێکی زۆرەوە بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیدا.

بەر لە هەڵبژاردن وەک ئامادەکارییەک (مستەفا کەمال) و هاوڕێکانی بیریان لە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی کردووە ، هەر بۆیە لە ٨ نیسانی ١٩٢٣ پارتی گەلیان وەک پارتێکی سیاسی ڕاگەیاند ، وە دەستیان کر بە ئامادە کاری بۆ هەڵبژاردنەکان(احمد ، ١٩٨٨ ، ص٤١).

پارتی گەل لەسەر چەند بنەمایەک دەستی بە هەڵمەتی ڕاگەیاندن و درووشمی بەرگری کردن لەسەر سەربەخۆی ولات و پاراستنی ئارامی و سەقامگیری ولات و بەرپاکردنی سەرەوەری یاسا و هەروەها گۆڕانگتری بنچینەیی لە کایەکانی ولاتدا بە گشتی ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕامیاری بە تایبەتی دوای ئەوەی کە هەڵبژاردنی لە حوزیرانی ١٩٢٣ ئەنجامدار پێشوازییەکی گەورەی جەماوەری لێکرا ، کەمالییەکان و بزوتنەوەکەیان کە پارتی گەل بوون توانیان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنن و لە کۆی ٢٨٦ کورسی ئەنجومەنی نیشتیمانی ٢٦٣ کوردسیان بەدەست هێنا(زوچەر ، ٢٠١٠ ، ص ١٥٧).

لەیەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی لە ١٩٢٣/٨/١١ (مستەفا کەمال) وەک پەرلەمان هەلبژێردرا ، دواتر پارتی گەل لە یەکەمین

كـۆنگرەی خـۆی لـە ١٩٢٣/١٠/٢٣ (مسـتەفا كـەمال) بـە سـكرتێری پـارتی گـەل و عیسـمەت ئینینـۆ بـە جێگـری سـكرتێری پـارتی گـەل هەڵبژێردرا(نورالدین،م.س ، ص٤٧).

دوای ئـەوەی كـە ئەنجومـەنی نیشـتیمانی چەنـدین ڕاو بۆچـوونی جیـاوازی هـەبوو لەسـەر سیسـتەمی بـەڕێوەبردنی وڵات بـەرەی پـارتی گـەل و دژبـەرەكانی هەنـدێك لـە ئەنـدامانی ئەنجومـەن پێـان وابـوو كـە سـەرۆكی پـەرلمان لـەوە گـەورترە كـە حـزب دابمـەزرێنێت و سـەرۆكی پـارتی سیاسـی بێـت بۆیـە (مسـتەفا كـەمال) لـەم كاردانەوەیـە تـورەە بـوو ووتـی كـام حـزب ، یـەك حـزب هەیـە ئـەویش پـارتی گەلـە و مـن سـەرۆكایەتی دەكـەم ، پـاش شكسـت هێـانی كەمالیـەكان لـە پێشكەشـكردنی پـڕۆژەی پێكهێنـانی حكومـەت جـارێكی تـر پەرلـەمان بـە بـێ سـەرۆكایەتی ئۆپۆزسـیۆن كـە پێـك هـاتبوو لـە(ڕۆف پاشـا ، كـازم قەرەبەكـە ،علـی فـواد) كۆبـۆوە و (مسـتەفا كـەمال) وەك هەمیشـە وتـارێكی پێشـكەش كـرد و كـە دەبێـت كۆتـایی بـەم گالتەجارییـە بهێنـدرێت و وەسـبەی سیسـتەمی كۆمـاری ڕادەگێـنن و ئەمـە تاكـە چارەیـە بـۆ دەرچـوون لـەم قەیرانـە پاشـان بـەردەوام بـوو لـە ووتارەكـەی ووتـی ئەنجومـەن ناتوانێـت و یاسـای نیـە كـە لەیـەك كاتـدا دوو دەسـەڵات بـەكار بهێنـێ یاسـا دانـان و بـەڕێوەبردن ، دەبێـت ئـەو دۆخـە چارەسـەر بكرێـت هـەر یـەكێكان بـە جیـا ئیشـی خـۆی بكـات بۆیـە تـەنها چارەسـەر ڕاگەیانـدنی سیسـتەمی كۆمارییـە (خلیـل، ١٩٨٨، ص٤٠-٤١)، وەهـەڵبژاردنی سـەرۆك كۆمارێـك كـە دەسـەڵاتی جێبـەجێ كردنـی هـەبێت و دواتـر پـڕۆژەی هەمواركردنـەوەی دەسـتوری خوێنـدەوە كـە لەگـەڵ عیسـمەت ئینینۆ دیانابوو كە بریتی بوو لە:

ماددەی یەكەم : سیستەمی دەسەڵات سیستەمێكی كۆمارییە.

مـاددەی دووەم : ئەنجومـەنی وەزیـران كارەكـانی بـەڕێوە دەبـات بـە سەرپەرشتی سەرۆك كۆمار و بەچاودێری ئەنجومەنی نیشتیمان.

مـاددەی سـێیەم : سـەرۆك كۆمـار لـە لایـەن ئەنجومـەنی نیشـتیمانیەوە هەڵدەبژێردرێت.

مـاددەی چـوارەم : سـەرۆك كۆمـار بـۆ یـەك خـول هەڵـدەبژێردرێت ، دەتوانێت بۆ خولێكی تریش خۆی هەڵبژێرێتەوە.

ماددەی پێنجەم : سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی هەڵدەبژێردرێن دواتر سەرۆک وەزیران ئەندامانی حکومەت لە نێوا ئەندامانمی ئەنجومەن هەڵدەبژێرێت.

ماددەس شەشەم : سەرۆک کۆمار ئەندامانی حکومەت دەنێرێتە پەرلەمان تا دەنگی پێ بدەن.

ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی بەم پرۆژەیە دا و لە ١٩٢٣/١٠/٢٩ پرۆژەکە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرد (مستەفا کەمال) وەک یەکەمین سەرۆک کۆماری تورکیا هەڵبژێردرا و عیسمەت ئینینۆ بەسەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا ، دەسەڵاتی واژووکردنی بڕیارەکانی حکومەت و پەرلەکان درایە سەرۆک کۆمار(عبدالحکیم ، ٢٠١٢ ، ص٣١٧-٣٢٣) .

**٤- هەڵگرتنی خەلافەت.**

دوای دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری (مستەفا کەمال) و هاوڕێکانی دەستیان کرد بە ئامادە سازی بۆ ڕەتکردنەوەی خەلافەت هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو وە گەل ئامادە نەبوو بە ئاسانی دەست بەرداری خەلیفە بن ڕەوف پاشا و هەندێک لە کەسایەتیەکان لە بەرهەڵستکارن پێاون وابوو کە خەلیفە دەبێت وەک سمبولێک بمێنێتەوە باشترە وەک لە سیستەمی کۆماری ، بەڵام (مستەفا کەمال) گوێی بەوە نەدا بەڵکو خەلیفەی لابرد و سەردەمی خەلیفەی بە قۆناغێکی ئاسایی دانا کە هەموو گەلێک بەم قوناغەدا تێپەریوە ، وەخەلافەتیان بە سمبولی دواکەوتووی وڵات ناوبرد کە ئەو ناتوانێ ڕێگای ئاوەدانی و پێشکەوتن بگرێتە بەر بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم خەلافەتە نەمێنێ و کە بۆتە هۆی بڵاو بوونەوەی نەزانی و هەژاری لە وڵاتدا(نورالدین،م.س ، ص٤٩).

(مستەفا کەمال) بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سولتان پرۆژەکەی ئەنجومەن بۆ کەم کردنەوە دەرماڵەی سولتان و دەست و پێوەندەکان و پلە و پایە و میرەکانی خانەدانەکانی دەرباری سولتان پەسند کرد.

پاش ئەم ڕێکارانە هەندێک ڕێکاری تری دژ بە خانەوادەی سولتان و پێگەکەی ناڕەزایی لەناو وڵاتدا بەرزبۆوە نەیارە کۆنەکانی (مستەفا کەمال) و پیاوانی ئاینی و چینی ئەرستۆکراتی و لە شارەکان خەڵکیان دژی هاندەداو کە وا دەیەویت خەلافەت و ئیسلام لە وڵاتدا نەهێلێت هەر

لــــەم کاتـــــەدا بـــوو دوو ســـــەرکردەی جیهـــانی ئیســـــلام یــــەکێکان کــــە (ئاغاجان)هنــــدی بـــوو لــــە بـــــەریتانیا ناڕەزاییــــان دەربـــڕی و دژی ئـــەو ڕێکارانــــەی کــــە بەرمبــــەر بــــە خەلیفــــە دەگیرێتــــە بــــەر گوایــــە ئــــەم نــــەک تــــەنها خەلیفـــــەی تورکـــــەکان بـــــەڵکو خــــەلیفــــە و جێنشـــینی جیهـــانی ئیســــلامە ، دوای بــــڵاو بوونــــەوەی ئـــــەم ڕۆژنامەکانــــدا ئـــــەوە بـــوو کەمالیــــەکان دەســـت بــــەجێ بــــەدوا داچونیــــان بــــۆ ئــــەم کەســــایەتیە کــــرد و دەرکــــەوت کــــە ئــــەو پیــــاوە ئینگلیــــزە و ســــەربەهەواڵگری بەریتانیایــــە بۆیــــە ئەمــــەی بــــە هـــــەل زانــــی کــــە ئینگلیزەکـــان دەیانـــــەوێ دووبـــــەرەکی بخەنــــە نێــــوان گــــەلی تورکیـــا وە لــــە ڕێگـــای ئاغاکانــــەوە دەســـت وەربدەنـــە کاروبـــاری نـــاوخۆی تورکیـــا و مەبەســـتیانە شـــەڕی نـــاوخۆ هەلبگیرسێنن(عبدالحکیم ، ٢٠١٢ ، ٣٢١-٣٥٢).

(مســـــتەفا کـــــەمال) بـــــوونی خەلیفــــەی بــــە کۆســــپێکی گــــەورە دەزانـــی لەبـــــەردەم پـــڕۆژەو بەرنامــــە و ئامانجــــەکانی هەربۆیــــە لــــە دەرفــــەتێک دەگــــەڕا کــــە وڵات لــــە خەلیفــــە و دام و دەزگاکـــانی عوســــمانی پــــاک بکاتـــــەوە ، لێـــــرەدا ئــــەم دۆخــــەی بەهـــــەڵزانی بۆیــــە لەگــــەل هاوڕێکـــانی لـــــە ١٩٢٤/٣/٣ پــــڕۆژە بڕیارێکیـــــان خســـــتە بــــەردەم ئەنجومــــەنی نوێنــــەران تــــاوەکوو گفتگــــۆی لەســــەر بکــــەن بــــۆ نەهێشـــتنی خەلافــــەت لــــەم کۆبونــــەوە نائاســــاییەدا (مســــتەفا کــــەمال) وتــــارێکی پێشــــکەش کــــرد بــــە هێــــرش کــــردن بــــۆ ســــەر ئاغــــاو خانەدانــــەکان دەســتی پێکــرد و بــە پیــاوی ئینگلیــز نــاویبردن ئــەوەبوو کــە پــرۆژە یاسـایەکە بــــە بــــێ بەرهەڵســـــتی کــــردن بڕیــــاری لەســــەر درا و پەســـند کـــرا ، دوای ئــــەوە (مســــتەفا کــــەمال) فــــەرمانێکی بــــۆ فــــەرمانڕەوایی ئەســــتەمبوڵ نــــارد کــــە خەلیفــــە دەســـتگیربکات بـــەر لـــە ڕۆژهـــەڵات ئـــاودیوی ئـــەو دیـــوو ســـنوری بکـــات ، لەگـــەل هەڵوەشـــــانەوە خەلافـــــەت عبدالمجیـــــد پاشــــا کۆتـــــا خەلفیــــەی عوســـــمانیەکان لەگــــــەل خانـــــەوادەی بــــــۆ دەرەوەی وڵاتــــــی دووردەخرێنــــــەو و دەنێردرێنــــــە درووگــــی (نــــیس) لــــە باشــــوری فەرنســــا لــــە ســــالی ١٩٤٤ خەلیفــــە کــــۆچی دوای کرد لە وڵاتی سعودیە بە خاک سپێردرا(شاکر،١٩٩٦،ص٢٥٣).

لـــــە ١٩٢٤/٤/٢٠ ئەنجومــــــەنی نیشـــــتیمانی تورکیـــــا بڕیـــــاری لەســــــەر دەســـتورێکی نـــوێ داب ۆ وڵات کـــە بـــە بـــە پێـــی ئـــەم دەســـتورە وڵات دەکەوێتـــە قونـــاغێکی نـــوێی بـــەڕێوەبردن کـــە عەلمانیـــەت دەبێتـــە بنچینـــەی بـــەڕێوەبردنی وڵات وە لـــەم دەســـتورەدا جـــەخت لـــەوە دەکرایـــەوە کـــە دەســـەڵاتی بـــالا بـــۆ

گەل دەبێت کە ئەنجومەنی نوێنەران نوێنەرایەتی دەکات لەم دەستورەدا باس لە شەرعیەت و دەسەلاتی ئاینی ناکات وە سنوری بۆ ئاین دیاری کرد ، هەروەها دەڵێت کە ئاینی ئیسلام بە فەرمی ئاینی دەوڵەتی تورکیایە(عبدالحكيم ، ٢٠١٢ ، ٣٥٦).

دەستوری سالی ١٩٢٤ دەسەلاتێکی زۆری بەسەرۆک کۆمار دابوو وەم سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی وڵات ، دیار کردنی سەرۆک وەزیران لە نێوان پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و واژووی لەسەر یاسا و بریارەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکرد ، ئەم دەستورە گەلی تورکیای هەموو بە تورک دادەنا بوونی نەتەوەی تر جگە لە تورک ڕەت کرایەوە ئەم دەستورە تا سالی١٩٦٠ کاری پێکرا(نورالدين،٢٠٢٠،ص١٧).

ئەگەر بە ووردی سەیری سرووشتی ئەو کاتەی کۆمەڵگا بە پێی ئەو یاسا و ڕێسایانە دەژیان وە یاساکانی ئیسلام گونجاو بوو لەگەڵ بیر و باوەڕەکانیان، وە سوڵتان بەرجەستەی سیادەی باڵای شەریعەتی دەکرد (لویس ، ٢٠١٦ ، لا٣٢١) لەبەر ئەوەی یەکێک لە مەرجەکانی ڕۆژئاواییەکان بۆ دانانان بە وڵاتی تورکیا ئەوە بوو کە عەلمانیەت جێبەجی بکرێت، (مستەفا کەمال) هەموو یاساکانی ئیسلامی رەت کردەوە وە وەرگێرانی یاسای سویسری خستە ئەستۆی (مەحمود ئەسعەد) و پاش وەرگێرانەکە فەرمانی بە دادگاکانی تورکیا کرد کە بە پێی ئەو یاسایانە بڕۆن (شاکر، ١٩٩٦ ، لا ٥٥) پاش ئەوەی یاسایەکی مەدەنی نوی جێگای یاسای شەریعەتی گرتەوە، گۆڕانکاری ڕیشەیی هاتە ئاراوە، لەبەر ئەوەی (مستەفا کەمال) جورئەتی دەست بردن بۆ کاروباری خێزانی کرد، خێزان گرنگترین پێکهێنەری کۆمەڵگایە ، کە بە گۆڕینی دەتوانرێت کۆمەڵگا بگۆڕدرێت ، گرنگترین ئەو یاسایانەی کە گۆڕانکاریان بەسەر هات بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی فرەژنی و تەلاق دان و هەموو ئەو یاسایانەی کە بەربەست بوون لەبەردەم ئافرەت و یەکسانبوونی ئافرەت و پیاو لە مافەکان، بەلام ئەو یاسایەی کە بووە هۆی شۆک بۆ زۆر لایەن هاوسەرگیری کچی موسڵمان بوو لەگەڵ کوری غەیرە موسڵمان کە ئەویش لە ڕێگای دادگاکانەوە بە ئاسایی ئەنجام دەدرا و کارێکی یاسایی بوو ، جگە لەوە هەموو کەسێکی بالغ مافی ئەوەی هەبوو کە ئاینی خۆی

بگۆڕێت ئەو یاسایانە بە شەو و ڕۆژێک نەیدەتوانی تورکیا بگۆڕێت بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو، بۆیە (مستەفا کەمال) بە هێز و بە زۆر لە شارە گەورەکان ئەو یاسایانەی جێبەجێ دەکرد تەنانەت لەو گوندانەی کە لەسەر هێڵی شەمەندەفەر بوون یاخود نزیک بوون لە شار، هەرچەندە ئافرەتانی لادێ زۆر مافیان بۆ دەستەبەر کرابوو بەڵام جورئەتی ئەوەیان نەبوو کە بەرامبەر باوک و برا و مێردەکانیان بوەستن و داوای مافەکانیان بکەن(عبدالحکیم ، ٢٠١٢ ، ٣٥٨) لەوانە گرنگتر داخستنی تەکیەکان بوو لە تورکیا کە ڕەگێکی قووڵی هەبوو لە کۆمەڵگای تورکیا بە درێژایی چەندین سەدە لە حوکمی عوسمانیەکان وە لە ڕێگایەوە بیر و باوەڕی ئاینی بە خەڵک دەناسێنرا و کاتی بۆشایی خۆیان لەو شوێنانە بەسەردەبرد جگە لە کاری ئاینی تەکیەکان هەڵدەستان بە کاری کۆمەلایەتی و کلتوری، هەر بۆیە لە کاتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عوسمانی تەکیەکان ڕۆلێکی کارایان هەبوو، بەڵام پاش دامەزراندی دەوڵەتی تورکیای سیکولار تەکیەکان وەک دەزگا ئاینیەکانی تر بە هەڕەشەیەکی سیاسی دادەنرا بۆ دەوڵەتە نوێیەکەی تورکیا و بان کران، وە دەسەڵاتە ئاینیەکان لە ژێر کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئایینی بوو کە لە ساڵی ١٩٢٤ دامەزرابوو، (مستەفا کەمال) لە ڕێگای ئەو دەزگایەوە کۆنترۆڵی ئاین و گۆڕینی بیرو باوەڕەکانی کرد هەروەها (مستەفا کەمال) تەکیە و دەزگا ئاینیەکانی بە هۆکاری بلاوکردنەوەی دواکەوتویی دادەنا هەر بۆیە بریاری داخستنی دا (dogan، ٢٠١٦، ٢٢٣، ٢٢٤) ، وە لەبەر ئەوەی تەکیەکان بە شێوەیەکی بەربلاو لە هەموو شوێنێک ڕەگیان داکوتیبوو وە تا ڕادەیەک سەربەخۆیی خویان هەبوو وە توانای جولاندنی هێزی خەڵکیان هەبوو بۆیە ئەوەش هۆکارێک بوو کە تورکیا کە خاوەن حکومەتێکی ناوەندی نەتەوەیی بوو دژیان بوەستێتەوە ، بۆ نموونە کاتێک کە شۆڕشی شێخ سەعید رویدا بە سەرکردایەتی شێخ سەعید کە شێخێکی کاریگەری نەقشبەندی بوو لە هۆزی زازا ، (مستەفا کەمال) بڕیاریدا کە گشت تەکیەی دەرویشەکان لە بەشی رۆژهەلاتی تورکیا دابخات ، هەنگاوی دواتر چەسپاندنی سزا بوو بەسەر ئەندامانی تەکیەی دەرویشەکان، بە مەرسومێکی کۆماری بڕیار درا کە لە سێپتێمبەری

١٩٢٥ تـــەكيـــەی دەروێشـــەكـــان قـــەدەغـــە بكرێـــت، بـــەڵام تـــا ئـــەو كاتـــەش هـــيچ سـزايەک دانـەنـدرابوو بـۆ سـزادانی ئـەندامـەكـانی تـەكيـە(شـاكر، ١٩٩٦ ، لا ٥٦) بـــەڵام لـــە نۆڤێمبـــەری ١٩٢٥ ياســـايەک دەرچـــوو كـــە رێگـــەيـــدا بـــە دەســـتگير كردنـــی قوتابيـــانی تـــەكيـــەی دەروێشـــەكـــان، وە لـــەو كاتـــەدا هـــيچ هێزێكـــی ئۆپۆزســـيۆن نـــەبـــوو كـــە بـــەرهەڵســـتی ياســـايەكـــە ببێتـــەوە، وە لـــە لايـــەن ئـــەنـــدامانی حزبـــەكـــەی كـــەمـــال ئـــەتـــاتورک بـــە هـــەڕەشـــە و ژەهـــراوی ســـەيـــردەكـــران كـــە دەبنـــە هۆكـــاری بڵاوبوونـــەوەی دەمـــارگيری لـــە ڕووی ئايـــديۆلۆجياوە، وە هـــەروەهـــا لـــەبـــەر ئـــەوەی تـــەكيـــەی دەروێشـــەكـــان بـــە ئۆپۆزســـيۆنيكی داهـــاتوو ســـەيـــردەكـــران وە هـــەروەهـــا بـــە هۆكـــاری ســـەرەكـــی خيانـــەت لـــە قەڵـــەمـــدران، وە كـــەماليـــەكـــان ئـــەو ياســـايانەيـــان بـــە گرنگتـــرين ياســـا دادەنـــا كـــە پێيـــان وابـــوو دەبێـــت لـــە ڕەگـــەوە هـــەلبقـــەنـــدرێت و پارچـــە پارچـــە بكرێـــت وە ئـــەو بڕيـــارە بـــە گرنگيـــەوە شـــيكردنەوەی بـــۆ كـــرا لـــە لايـــەن ڕۆژنامـــەی نيويـــۆرک تـــايمز وە بـــە گرنگتـــرين شۆڕشـــی لـــە قـــەلـــەمـــدا كـــە لـــە لايـــەن ئـــەتاتوركـــەوە كرابێـــت. جگـــە لـــەوە گۆڕانكاريـــە سياســـی و كۆمەڵايـــەتـــی و ئاينيـــەكـــان كـــە لـــەژير چـــەتـــری كـــەمـــال ئـــەتاتوركـــەوە كـــرا بـــە شۆڕشـــێكی كلتـــوری لـــە قـــەلـــەمـــدرا ، لـــە شـــوێنی خويندنگـــە ئاينيـــەكـــان سيســـتمێكی نـــوێی دانـــا بـــۆ خوێنـــدن كـــە لـــەســـەر بنـــەمـــای پێشـــكەوتـــن بێـــت ، وە لـــە ســـاڵی ١٩٣٤ كـــۆلێژی شـــەريعـــەت و زانســـتە ئاينيـــەكـــانی لـــە ئيســـتەمبـــوڵ داخســـت وە لـــە ياســـای ســـزادانی نـــوێ مـــادەيـــەكـــی جێگيـــر كـــرد كـــە بـــە هـــەمـــوو شـــێوەيـــەک بـــەكارهێنـــانی ئـــاينی بـــۆ كـــاری سياســـی قـــەدەغـــەكـــرد وە پـــێش وەختـــە لـــە ســـاڵی ١٩٢٤ دادگـــا شـــــەرعيـــــەكـــــانی هـــــەڵوەشـــــاندەوە (dogan، ٢٠١٦، ٢٢٥،٢٢٩؛ merryman، ٢٠١٣، ٨٢؛ ئـــەحمـــەد و مـــەحمـــود، ٢٠١٤، ٧٢-٧٥). ســـەرەڕای ئـــەوە لـــە نيســـانی ١٩٢٨ مـــادە ٢ی دەســـتوری ١٩٢٤ كـــە ئامـــاژەی بـــەوە دەكـــرد كـــە ئـــاينی ئيسلام ئاينی فەرمی توركيايە هەڵوەشايەوە (Unsal، ١٩٧٩، ٣٢).

## تــــەوەری دووەم/ گۆڕانکـــــاری ئـــــابوری و کۆمەڵایـــــەتی و ڕۆشـــــنبیریەکان لــــە ساڵانی١٩٢٣-١٩٣٩ز.

### یەکەم/ گۆڕانکاریە ئابوریەکان.

لــە مــاوەی ســاڵانی ١٩٢٠ لــە هــەمــوو جیهــان سیســتمی ســەرمایــەداری بــاو بــوو، هــەر بۆیــە ئــەتــاتورک نەیویســت خــۆی جیــا بکاتــەوە لــەجیهــان ، پاشــان لــە ســالی ١٩٢٢ دەولــەت پلانــی پێــنج ســالەی دانــا بــۆ بۆژاندنــەوەی ئــابووری وڵات ، لــە ڕێگــای بانکــەوە( بــانکی اعتمــاد) قــەرز دەدرا بــە بــە هاوڵاتیان(خــاوەن کــار و کارگــەکان) بــۆ بەرهــەم هێنــانی کــەل و پــەلی چنــین و ڕســتن و پیشەســازی ، تــوانرا چەنــد کارگەیــەکی ســتراتیجی دابمــەزرێنێت وەک کارگــەی تواندنــەوەی ئاســن و پــوڵا کارگــەی کاغــەز و کارگــەی چیمەنتۆ(ئەحمەد و مەحمود،٢٠١٤، ٧٩-٨١).

ئــەتــاتورک و هاوڕێکــانی لــەو ماوەیــەدا هــەولــی بنیاتنــانی پــەیوەنــدی دۆســتانەیان دەدا لەگــەڵ هێــزەکــانی ڕۆژئــاوا ، لــە ســالی ١٩٢٨ پێــنج ســاڵەی دووەم دەســتی پێکــرد بــە مەبەســتی دامەزرانــدنی پیشەســازی قــورس بــە پشــت بەســتن بــە کەرەســەی خــاوی وڵات وەک خــەڵوز و کارەبــا دەســتی پێکــرد لــە پلانــی یەکەمــدا بیســت کارگــە دامــەزران ، قــەبارەی ئــابوری وڵات بــە شــێوەیەکی یــەکجار زۆر زیــادی کــرد و ، ڕێــژەی دراوی بیــانی لــە ڕێــی هەناردەکردنــەوە بەدەســت هــات ، بۆیــە دەبینــین لــە ســەرەتــای ســاڵانی ١٩٣٠ بــە دواوە لــە تورکیــا حکومــەت هــەســتا بــە دامــەزرانــدنی چــەنــدین دەزگــای ئــابووری گرنــگ کــە پیکهــاتبوو لــە چــەنــدین جــۆری جیــاواز سیاســەت و هــەنگــاوەکــانی پــەیوەســت بــەو بزوتنــەوە نوێیــە نــاوی لێنــرا "ئێتــاتیزم"، وشــەی ئێتــاتیزم دەرهێنــراوە لــە وشــەی فــەرەنسی etat کــە بــە مانــای دەولــەت دێــت وە مانــای ئــەوەیــە کــە حالــەتێکــە کــە دەولــەت بــە ئــاکتیڤی و بــە هــەمیشــەیی بــەشــێک دەبێــت لــە کاروبــاری ئــابوری(okyar، ١٩٦٥، ٩٨) بیــر و بــاوەڕی ئــەتــاتورک فــرە ڕەهــەنــد بــوون بــەڵام بــە شــێوەیەکــی گشــتی هــیچ بیــرو بــاوەڕێکی ئــابوری ئــەوتــۆ زاڵ نــەبــوو بــەســەر بیــری ئــەو ، (مســتەفا کــەمال) ئــەتــاتورک بــە خــەڵکی تورکیــای ڕاگەیانــد کــەوا زۆر گرنگــە لــە جــەنگی ئــابوری ســەرکــەوتن بــەدەســت بێنن هــەروەک لــە لایــەنــی ســەربــازی ســەرکــەوتنیان

بـــــەدەســـــت هێنـــــا (Landau ، ١٩٨٤ ، ١٥٣- ١٥٤). لـــــە ڕوی ئابوریـــــــەوە مێژوونوســـــان بـــە بایـــەخـــەوە ســـەیری گـــۆڕینی پایتـــەخـــت دەکـــەن لـــە ئیســـتەنبوڵـــەوە بـــۆ ئـــەنقـــەرە لـــەبـــەر ئـــەوەی ئـــەنقـــەرە دەکـــەوێتـــە ناوەڕاســـتی ئـــەنـــادۆل بۆیـــە گرنگیـــدان بـــە ئـــەنقـــەرە گرنگیـــدان بـــوو بـــە ئـــەنـــادۆل جگـــە لـــەوە ئـــەنقـــەرە وەک گونـــدێک وابـــوو بـــەڵام ئـــەتـــاتورک لـــە چـــەنـــدین ڕووەوە هـــەوڵـــی گـــۆڕینی دا بـــۆ ئـــەوەی ببێتـــە شـــوێنێکی شایســـتە بـــە پایتـــەختیـــک، هـــەر بـــۆ ئـــەو مـــەبـــەســـتە هـــەســـتا بـــە دروســـت کردنـــی بـــاخ و جـــادەی گـــەورە و بـــە ســـەوزایـــی کردنـــی شـــارەکـــە و هـــەروەهـــا شـــوێنی مۆســـیقا و هونـــەری. لـــە لایـــەنـــی پـــەروەردە و فێرکردنـــەوە هـــەســـتا بـــە کردنـــەوەی زانکـــۆی ئـــەنقـــەرە کـــە چـــەنـــدین بـــەشـــی زانســـتی گرنگـــی لـــەخـــۆ گرتبـــوو لـــەوانـــە دەرمانســـازی و ئـــەنـــدزیاری و بازرگانی...هتـــد. هـــەروەهـــا دروســـت کردنـــی باڵاخانـــە بـــۆ باڵیۆزخانـــەی وڵاتـــان و دروســـت کردنـــی نـــەخۆشـــخانە و شـــوێنی چـــالاکی وەرزشـــی(okyar، ١٩٦٥، ٩٨).

لـــە لایـــەکـــی تـــرەوە گرنگـــی زۆری بـــە گونـــدەکـــان دا لـــەبـــەر ئـــەوەی پێـــی وابـــوو کـــە ئـــەو قـــەرزاری گونـــدەکانـــە بـــەهـــۆی ئـــەوەی گونـــدەکـــان یارمـــەتـــی زۆری بزوتنـــەوەکـــەی ئـــەتاتورکیـــان دا لـــەکـــاتی شـــەری ســـەربـــەخـــۆیی، بۆیـــە بـــە گرنگـــی زانـــی بنکـــەی تـــەندروســـتی و قوتابخانـــەیان بـــۆ دروســـت بکـــات و لـــە ڕووی ڕێگـــا و بانـــەوە گونـــدەکـــانی بـــە شـــارەکـــان بـــەســـتەوە بـــە ڕێگـــای ڕاســـتەوخـــۆ بـــۆ ئـــەوەی بـــەرهـــەمـــەکانیـــان بـــە شـــێوەیەکـــی ئاســـان بگەیـــەننـــە شـــارەکـــان و بـــە تێچویـــەکـــی کـــەمـــەوە. پاشـــان هـــەســـتا بـــە دروســـتکردنی تـــۆڕی ئـــاو و دروســـتکردنی بـــەنـــداو و گرنگیـــدان بـــە زەوی کشـــتوکاڵی هـــەروەهـــا چـــەنـــدین ئـــامێری پێشـــکەوتـــوی کـــڕی بـــۆ بـــەکارهێنـــان لـــە بـــواری کشـــتوکاڵی و بـــەخـــۆڕایی دابـــەشـــی کـــرد بـــەســـەر جوتیـــارەکـــان، وە هـــەروەک بـــەشـــێک لـــە پلانـــی ئـــابوری پێشـــینەی دەدا بـــە جوتیـــاران بـــە قـــەرزی درێژخایـــەن. وە لـــەبـــەر ئـــەوەی شـــارەزایـــی لـــە بـــواری کشـــتوکاڵی کـــەم بـــوو ئـــەتـــاتورک پشـــتی بـــەســـت بـــــە شـــــارەزایـــــانی بـــــواری کشـــــتوکاڵی لـــــە ئـــــەڵمانیا و فەرەنسا(Landau،١٥٤،١٩٨٤- ١٥٨).

ئـــەوەی شـــایەنـــی باســـە زەوی کشـــتوکاڵی لـــە ڕووی ڕووبـــەرەوە بـــە شـــێوەیەکـــی بـــەرچـــاو زیـــادی کـــرد ، جگـــە لـــەوە بـــەرهـــەمـــە کشـــتوکاڵیەکـــان بـــە

ئاسـتێکی زۆر بـەرزبـووەوە. گرنگیـدان بـە ئـابوری تـەنهـا بـواری کشـتوکاڵی نەگرتـەوە بـەڵکو لـە ڕوی پیشـەسازیشـەوە چـەنـدین هـەنگـاوی نـا لـەوانـە دروسـت کردنـی کارگـەی ئاسـن، چیمـەنتـۆ و شـەکـر...هتـد ، هـەروەهـا بـانکێکی کـردەوە بـە نـاوی بـانکی سـۆمەر بـۆ ئـەوەی ببێتـە پاڵپشـت بـۆ چالاکیـە پیشـەسـازیەکـان. ئـەوە جگـە لـە دامـەزرانـدنی چـەنـدین ویسـتگەی کـارەبـا. ئـەوەی شـایەنـی باسـە ئـەوەیـە کـە ئـەتـاتورک هـەنگـاوی باشـی نـا لـە ڕووی ئابوریـەوە، هـەرچـەنـدە هـەنگـاوەکـان هـەنگـاوی بچـوک بـوون بـەڵام شـوێن پەنجەی دیار بوو لەو کاتەدا (ئەحمەد و مەحمود،٢٠١٤، ٧٨-٧٩).

بـە ڕۆژئـاوایی کردنـی ئـابوری تورکیـا یـەکێک بـوو لـەو بنـەما سـەرەکیەکانی (مسـتەفا کـەمال) زۆر بـە جـدی کـاری لەسـەر دەکـرد بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بەرنامـە و پلانـی خـۆی هـەبوو کـە لـەڕێی ئەنجومـەنی میشـتیمانیەوە یاسـای بـۆ دادەنـە حکومـەتیش کـاری لەسـەر دەکـرد لەبـەر ئـەوەی کـە لـەو سـەردەمەدا ئـابووری تورکیـا پـاش جـەنگ دارمـابوو لەسـەر بنـەمای فیودالیـەتی تـوردی دامـەزرا بـوو هـەر بۆیـە لـە سـالآنی بیسـتەکانی نـەیتوانی شـان بـە شـانی ئەورووپیـەکان پـێش بکـەوێت لـە بـواری پیشەسـازی و کشـتوکاڵدا حکومـەت ئاسـانکاری بـۆ خـاوەن زەوییـەکان و جوتیارەکـا نـەکردبوو وە ئـەو سـێکتەرە پشـت گـوێ خرابـوو بـەرەو دارمـان دەچـوو ، دەوڵـەتی نـوێ کـە دەهـات دەسـتی پێکـرد بـە دارشـتنی بەرنامەیـەکی تۆکمـە بـۆ زاڵ بـوون بەسـەر ئـەو قەیرانـە یەکـەم هـەنگار دەسـتی گـرت بەسـەر کۆمپانیـا بیانیـەکان کـە کـەرتی گشـتیان بەدەسـتەوە بـوو وەک هێڵـی ئاسـن ، گواسـتنەوەی بەنـدەرەکان ، دواتـر کانـەکان و کارگـەکان کـە خاوەنەوەنـەکانیان بیـانی بـوون واتـە بـە نیشـتیمانمی کردنـی کـەرتی گشـتی وڵات(Landau،١٥٤،١٩٨٤- ١٥٩).

جـێ ئامـاژە پێکردنـەوە تورکیـا تـا پـێش شـەری دووەمـی جیهـانی تـا ناوەڕاسـتی شـەرەکەش لـە سـالی ١٩٤٣ پەیوەندییـەکی باشـی لەگـەل ئـەلمانیا دا هـەبوو لـە ڕووی ئابووریـەوە لـە سـالّی ١٩٤١-١٩٤٣ ئـالوگۆری بازرگـانی تورکیـا لەگـەل ئـەلمانیای نـازی گەیشـتە لوتکـە نزیکـەی ٥٠% گشـت ئـالوگۆرە بازرگانیـەکانی وڵاتـی پێـک دەهێنـا و وە پـاش ئـەوەی لـە شکسـتەکانی ئـەلمانیا کـە شـەڕ یـەک لـە دوای یـەک ڕوویـدەدا تورکیـا

ڕاستەخۆ یەکسەر کۆتایی بەم پەیوەندیانە هێنا، هەرچەندە تورکیا لەسەردەمی (مستەفا کەمال) توانی پێشکەوتنی بەرچاو بە ئابووری تورکیا بدات بەلام وەک پێویست باش نەبوو وە لە ساڵەکانی(١٩٢٣-١٩٣٩) زیاتر لە ٦٨ ملیۆن لیرەی زیو قەرزار بوو(احمد ، ١٩٨٨ ،ص٤٣).

**دووەم / گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆشنبیریەکان.**

**أ- جل و بەرگ و مافی ئافرەت.**

(مستەفا کەمال)دەست کرد بە سیاسەتی نوێکردنەوە و هەنگاونان بەرەو ڕۆژئاوا وە ئەم گۆڕانکاریانە بەسەرپەرشتی خودی خۆی ئەنجام دەدرا بە پشتیوانی ئەنجومەن و دانانی چەندین ڕێکاری یاسای بۆی و جێ بەجێکردنی لەلایەن دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە سەدەی نۆزدە واتە لە سەردەمی سولتان محمودی دووەم نەهێشتنی تەربوش و هەندێک گۆڕانگاری تری وەک کردنەوە بە ڕووی ئەورووپای هێنابووە ئاراوە ، بەلام (مستەفا کەمال) شۆڕێکی دژی تەربوش بەرپاکرد شەبقەی ئەورووپی لە جیاتی بەکارهێنا ، سەرەتا لە خودی خۆی دەستی پێکرد و پاشان پاسەوان و کەسە نزیکەکانی ناو پارتی گەل و حکومەت و سوپادا دواتر سەپاندی بەسەر خەڵکدا لە پەرلەکان پڕۆژە بڕیاری پێ دەرکرد لە ١٩٢٥/١١/٢٥ ئەو کەسانەی سزا دەدران کە شەپقەی ناپۆشن و دادگای استقلالی ڕاسپارد گە پەیرەوی ئەم یاسایە بکەن ، تاوای لێهات کە خەڵکیلەسەر نەپۆشینی شەپقە سزا دەدرا و زیندانی دەکرا(Unsal، ١٩٧٩، ٤٢).

هەروەها حکومەت چاکەت و پانتۆڵی ئەورووپی لە جیاتی کەوا و سەلتەی عوسمانی وەک پۆشاکی پیاوان بە نیشانەی پێشکەوتن و شارستانیەت لە قەڵەک دەدا ، وەجل و بەرگی میللی بە نیشانەی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی دەزانی ، هەر لە درێژەی ئەو کارانەی کە ئەنجامی بۆ زیاتر نزیککردنەوەی تورکیا لە کۆمەڵگەی ئەورووپی لە کۆتاییەکانی ساڵی١٩٢٦ دەستی کرد بە قەدەغە کردنی (حیجاب)سەرپۆش، ئەنجومەنی شارەوانی بڕیارێکی دەرکرد ژنان نابێت

سەرپۆش بپۆشن دەبێت فوستان لەبەر بکەن بە پێچەوانەوە مێرد و کەس و کاری لێپێچی دادگا دەکرێت(عبدالحکیم ، ٢٠١٢ ، ص٣٣٢-٣٣٣) ).

دوای دەرکردنی ئەو بریارنە دەستی کرد بە گۆرینی پشوی هەفتە و رۆژی هەینی لە پشوی فەرمیەوە گۆری بۆ رۆژێکی ئاسایی هەرچەندە لە کۆنەوە وا هاتووە هەموو رۆژانی هەفتە بۆ کار و کاسبی رۆژی هەینی بۆ عیبادەت و خوا پەرستی بووە ، لە ئاینی ئیسلام رۆژی هەینی(جمعە) و لە ئاینی مەسیحی رۆژی یەک شەممە و لە ئاینی یەهودی رۆی شەممە بووە ، لەم رۆژەدا پەیرەوانی هەر یەک لەم ئاینانە روودەکەنە پەرستگاکان بۆ خوا پەرستی و نزا کردن (مستەفا کەمال) بۆ خۆ نزیککردنەوە لە رۆژئاوا هەڵسا بە گۆرینی پشوی هەفتە لە رۆژی هەینی بۆ رۆژی یەک شەم ، بە پێچەوانەی ویستی زۆری هاوڵاتیان ، هەروەها رۆژ ژمێری وڵاتی لە ساڵێ هجریە بۆ میلادی گۆری لەگەل وڵاتانی ئەوروپی رێکیخست(زوچەر ، ٢٠١٢ ، ص٢٦١).

پێش دامەزراندنی کۆماری تورکیا (شەرع) فقهی ئیسلام بنەماکای یاسای مەدەنی بوو وە لە دادگا شەرعیەکاندا پەیرەو دەکرا ، لە کانگی ئایاری ١٩٢٥ یاسای مەدەنی سویسری پەسند کرد و یاسای هاوسەر گیری مەدەنی دانا بە پێی ئەم یاسایە فرەژنی قەدەغەکرا ، لە ساڵی١٩٢٨ هەمواری کرایەوە ئەم یاسایە (٤٤٨) ماددەی لە خۆگرتبو کە سەبارەت بە مافەکانی ئافرەت و تاک و ژن و ژنخواستن و لێکجیابوونەوە و نەفەقە ، بەخێوکردن ، میران بە پێی ئەم یاسایە پرۆسەی زەواج ئارەزوو مەندانەیە واتە ژن و مێرد هەر کامیان بیانەوێت دەتوانن جیاببنەوە واتە تاک لایەنە پرۆسەکە دەاتوانرێت هەڵبوەشێتەوە لە رێگای دادگاوە ، هەروەها ژن یان پیان لە میرات یەکسانن(وەک یەکن)(عبدالحکیم،٢٠١٢،ص٢٣٤).

لە ساڵەکانی ١٩٣٠-١٩٣٤ کۆمەڵە یاسایەک پەسند کرا لە بەرژەوەندی ئافرەتان و بەشداری پێکردنیان لە کایەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا ، لە ١٩٣٢/١٢/٥ماددەی (١٠)ی دەستوری تورکیا سەبارەت بە ئافرەتان هەموار کرایەوە ئەو مافەی بەخشی بە ئافرەت کە شان بە شانی پیاوان بەشداری بکات لە هەڵبژاردن و دەتوانێ خۆی بۆ ئەندامی

پەرلەمان کاندید بکات کە بۆ هەردوو ڕەگەز ٣٠ سال بوو مافی دەنگدان ٢٢ سال بوو(زوچەر ، ٢٠١٢ ، ص٢٦٥).

**ب- بە ڕۆژئاوایی کردنی زمانی تورکی.**

پرۆسەی بە ڕۆژئاوایی کردنی زمانی تورکی و گۆرینی پیتی عەرەبی بۆ پیتی لاتینی بە دوو قۆناغ جێ بە جێ کرا.

گۆرینی حەرف لە عەرەبیەوە بۆ لاتینی یەکیک بوو لەو هەنگاوانەی کە ئەتاتورک گرتیە بەر بۆ سرینەوەی شوینەواری عەرەبی و ئیسلامی لەسەر تورکیای نوی و هەولیدا تورکەکان لە رابردووی خویان داببڕێن و نەوەی داهاتووش لەسەر بنەمایەکی نوی پەروەردە بکات لە ڕابردوودا زمانی تورکی ئەلف و بێی نەبوو واتا زمانی نوسین نەبوو بەڵکو تەنها زمانی قسە پێکردن بوو ، وە کاتێک تورکەکان کەوتنە ژێر حوکمی ئیسلام هەستان بە وەرگرتنی ئەلف و بێی عەرەبی بۆ زمانەکەیان بۆ ئەوەی بتوانن مێژووی خۆیان بنووسن و نەوەکانیان فێری خوێندن و نووسین بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر بتوانن دیراسەتی قورئان و فەرموودە بکەن کە بە زمانی عەرەبی بوون. بەم شێوەیە نوسینی تورکی بەدەرکەوت وە لە ڕێگایەوە ئەدەب و مێژوو بە ئەلف و بێی عەرەبیەوە نوسرایەوە(زوچەر ، ٢٠١٢ ، ص٢٧٨) ، وە گرنگی ئەلف و بێی عەرەبی ئەوە بوو کە کتێبی خودا بەم زمانە بۆ مرۆڤایەتی هاتبوو وە نەک تەنها تورکەکان بەڵکو چەندین نەتەوەی تر هەمان هەنگاویان گرتبووە بەر. بەڵام کاتێک (مستەفا کەمال) هات ویستی نەتەوەکەی لە سەرچاوەی باوەڕی جیا بکاتەوە بە هۆی رق و کینەی بەرامبەر ئیسلام، بە هەمان شێوە ویستی میللەتەکەی جیا بکاتەوە لە ڕابردووی خۆیان. بەم شێوەیە ئەلف و بێیەکی نوێی هەڵبژارد ئەویش ئەلف و بێی لاتینی بوو کە لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بەکار دەهێنرا، (مستەفا کەمال)یش سەرسام بوو بە کلتور و هەڵسوکەوتی خاچپەرستەکان وە ویستی ئەوەی هەبوو کە بەدوای هەنگاوەکانی ئەوان بکەوێت وە ئارەزووی ڕۆژئاواییەکان جێبەجی بکات بەم شێوەیە سەرکەوتوو بوو لە دابرانی میللەتەکەی لە ڕابردووی چەند ساڵەیان (شاکر،١٩٩٦:لا ٥٤ ؛ sevin، ٢٠١٨: لا ٣٥) ، لە ساڵەکانی ١٩٢٣ و ١٩٢٤ بیری ڕادیکاڵی سەریهەڵدا بۆ

وازهێنـــان لـــە پیتـــی عـــەرەبـــی وە جێگرتنـــەوەی بـــە پیتـــی لاتینـــی بـــەڵام ئـــەو پێشـــنیارە بـــە تـــەواوی ڕەت کرایـــەوە ، بـــەڵام لـــە ســـاڵی ١٩٢٧ بارودۆخـــەکـــە بـــە تـــەواوی گـــۆڕا، لـــەو کاتـــەدا ئـــەتـــاتورک هێزێکـــی ڕەهـــای دکتـــاتۆری هـــەبـــوو کـــە وای کردبـــوو گشـــت لایـــەنـــەکـــان ملکـــەچی ئـــەو بـــن، هـــەر لـــەو کاتـــەدا دەســـەڵاتـــی ســـۆڤیەت بڕیـــاری دا بـــە دانـــانی پیتـــی لاتینـــی بـــۆ زمـــانی تـــورکی لـــە یـــەکێتـــی ســـۆڤیەت و ئـــەوەش بـــووە هانـــدەر و نموونـــەیـــەک بـــۆ (مســـتەفا کـــەمال) بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو گۆڕانکاریانـــە لـــە تورکیـــاش جێبـــەجـــی بکـــات. ئامـــادەکاریـــەکـــان لـــە ســـالی ١٩٢٦ دەســـتی پێکـــرد بـــەڵام لـــە ســـاڵی ١٩٢٨ کـــەوتـــە بـــواری جێبـــەجـــی کـــردن وە ئـــەو پاســـاوانەی کـــە بـــەکـــارهێنرا بـــۆ گـــۆڕینی پیـــت لـــە عـــەرەبیـــەوە بـــۆ لاتینـــی ئـــەوە بـــوو کـــە پیتـــی عـــەرەبـــی لەگـــەڵ دەنگـــەکـــانی زمـــانی تـــورکی ناگونجێـــت وە فێربـــوونی قورســـە و تایـــپ کردنـــی بێزارکـــەرە و ئـــەوەش دەبێتـــە ئاســـتەنـــگ بـــۆ فێربـــوون و بـــەرفراوانبـــوونی ڕۆشـــنبیری ، هـــەرچـــەنـــدە ئـــەو پاســـاوانە تـــا ڕادەیـــەک ڕاســـت بـــوون بـــەڵام ئامانجـــەکـــانی ئـــەتـــاتورک لـــەم هـــەنگـــاوەیـــدا زیـــاتر سیاســـی بـــوو نـــەک ڕۆشـــنبیری (لـــویس،٢٠١٦ ، ٣٣٥-٣٣٦). وە لـــە ســـاڵی ١٩٣٤ وەزیـــری نـــاوخۆی تورکیـــا ڕوکـــرو کایـــا ڕایگـــەیانـــد کـــەوا " یاســـا وڵاتێـــک دروســـت دەکـــات کـــە بـــە یـــەک زمـــان قســـە بکـــات و بـــە هـــەمـــان شـــێوە بیـــر بکاتـــەوە وە هـــەســـت بـــە هـــەمـــان هـــەســـت و ســـۆز بکـــات" (Assouad، ٢٠٢٠، ٧) لـــە ســـاڵی ١٩٣٠ هـــەوڵـــدرا زمـــانێکی ســـێکولاری دوور لـــە وشـــەی عـــەرەبـــی و فارســـی کـــە دەلالـــەت لـــە ئـــاین دەکـــات دروســـت بکرێـــت ، هـــۆی زیـــاتر بڵاوبوونـــەوەی بیـــری ناســـیونالیزم وە (مســـتەفا کـــەمال) پێـــی وابـــوو بـــە گرتنـــەبـــەری پیتـــی لاتینـــی ڕزگـــار دەبـــن لـــە نـــەزانـــی وە بـــە فێربـــوونی ئـــەلـــف و بێیـــەک کـــە لەگـــەڵ فۆنـــەتیکـــی زمـــانی تـــورکی بگونجێـــت زیـــاتر بیـــر و هۆشـــی میللـــەتـــەکـــەی دەکرێتـــەوە لـــە لایـــەنـــی نـــەتـــەوەیـــی (sevin، ٢٠١٨: لا ٦-٣٨-٣٩ )؛ ( akgul ، ٢٠١٩ ، لا ١٨).

**ج-یەکخستنی خوێندن و خۆڕایی کردنی خوێندن لە تورکیا.**

هـــەر لـــەو کاتـــەی کـــە پەرلـــەمانی تورکیـــا بڕیـــاری هەڵوەشـــاندنەوە خەلافـــەتی دا یاســـای یەکخســـتنی خوێنـــدن لـــە وڵات ڕاگەیەنـــدرا ، بـــە پێـــی ئـــەم یاســـایە گشـــت قوتابخانـــەکان ، ناوەنـــدەکانی خوێنـــدن کرانـــە بـــە خـــۆڕایی ڕێکخرانـــەوە خرانـــە ســـەر وەزارەتـــی پـــەروەدە لـــە یاســـای ژمـــارە(٤)ی

وەزارەتی پەروەردە پێگەی موشرییە فری ئیسلام کە ڕاستەخۆ سەر بە خەلیفە بوو هەڵوەشایەوە ، سەرۆکایەتی کاروباری ئاینی و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دامەزربردند لە ٥/١ موفتی ئەنقەرەی کرد بە سەرۆکی ئەم دەزگایە ، کۆلێژی الاهیات بۆ خوێندی زانستی دین کرانەوە کە امام و خەتیبی تێدا لەگەل وانە ئاینیەکان وانەی زاستی دەخوێندرا لە سالی١٩٢٨ ئەو ماددەی دەستوری لابرد کە دەیوت (ئیسلام ئاینی دەوڵەتی تورکیایە) وە قوتابخانە ئاینیەکانی داخست(نورالدين ، ٢٠٢٠ ، ص٥١)). وە بە پێی ئاماری فەرمی ڕێژەی خوێندەواری لە سالی ١٩٢٤ لە ٩% بوو بە ٢٠% لە ١٩٣٤ وە ئەم زیاد بوونە لە خوێندەواری گەر بە هۆی گۆرینی ئەلف و بی بێت یان بە هۆی سیستەمی نوێی پەروەردە بووە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی بیری ناسیونالیزم وە (مستەفا کەمال) پێی وابوو بە گرتنەبەری پیتی لاتینی رزگار دەبن لە نەزانی وە بە فێربوونی ئەلف و بییەک کە لەگەڵ فۆنەتیکی زمانی تورکی بگونجێت زیاتر بیر و هۆشی میللەتەکەی دەکرێتەوە لە لایەنی نەتەوەیی ، هەرچەندە ئەتاتورک لە ساڵی ١٩١٤ بیری لە گۆرینی ئەلف و کردبووەوە بەلآم هاوڕی نزیکەکانی ئاماژەیان بەوە دا کە ئەتاتورک پێی باش نەبوو ئەو شۆرشە لەو کاتە هەستیارە بەرپا بکات وە ئەتاتورک هەمیشە گرنگی بەوە دەدا کە ریفۆرمەکانی لە کاتی ئاشتیدا بکات چونکە لە کاتی جەنگدا ناتوانرێ گرنگی تەواو بە رێوشوێنی ئەنجامدانی گۆرانکاریەکان بدرێت و بەربەست دروست دەبێت لە بەرامبەر شورشی ڕۆشنبیری و مۆدێرنیزە کردن، وە (مستەفا کەمال) هەمیشە کەسی یەکەم بوو لە بریاردان لە ئەنجامدانی هەر جۆرێک لە ریفۆرم (sevin، ٢٠١٨: لا :٦،٣٨،٣٩؛ akgul، ٢٠١٩: لا ١٨؛ merryman،٢٠١٣، ٤١؛ Gingeras، ٢٠١٩، ١٧٨ ؛ Landau، ١٩٨٤، ١١). هەرچەندە ئەلف و بێی نوی تەواویک بی خەوش نەبوو بەلآم یەکێک بوو لە باشترین گۆرانکاریەکان کە بەسەر ئەلف و بێی تورکیدا هات وە بە دڵنیاییەوە ئەو گۆرانکاریە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر نەهێشتنی نەخوێندەواری کە پاش گۆرینەکە لە ٩% بەرز بووەوە بۆ ٦٠% و ڕێژەی خوێندەواری زیاتری کرد (landau، ١٩٨٤، ١٩٥).

**دەرئەنجام**

١-کەسایەتی (مستەفا کەمال) لە منداڵیەوە ئاسایی نەبوو کەسێکی توند و تیژ بوو ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسێکی سەربازی بوو.

٢-لایەنی ئاینی کەسایەتی (مستەفا کەمال) زۆر لاواز بوو بە کەسێکی سکۆلار و دژە ئاین ناوبانگی دەرکردبوو ، لەبەرامبەردا بە کەسێکی نەتەوە پەرست ناوی دەرکردبوو هەست و سۆزی نەتەوەیی زیاتر وای لێ کردبوو لایەنی ئاین ئامرازێکی لاوەکی بوو زیاتر بیرکردنەوەکانی نزیک بوو لە بیری کۆمەنیستی.

٣- (مستەفا کەمال) دژی هەموو جۆرە داگیرکارییەک بوو لە وڵاتدا، ئەمەش زیاتر دوای شکستی دەولەتی عوسمانی وەک کەسایەتیەکی بەهێز دەرکەوت.

٤- زۆر بە وریاییەوە توانی قۆناغی پڕ کێشەو ئاڵۆزییەکانی وڵات چارەسەر بکات بە تایبەت دوای دوورخستنەوەی سولتانی عوسمانی.

٥- (مستەفا کەمال) توانی لە یەکاتدا توانی دوو ئامانجی گەورە بەدەست بێنێ یەکەمیان دژی داگیرکاری وڵاتانی هاوپەیمانان وەستایەوە توانی بێگانەکان لە ووڵات دەربکات ، دووەم دژی سوڵتانی عوسمانی وەستایەوە و توانی لە ووڵات دووری بخاتەوە.

٦-دەست گرتن بەسەر ئەنجومەنی نیشتیمانی و کۆنترۆڵکردنی نەیارەکان و دەنگە نارازییەکان یەکێکی تر بوو لە کارە گرینەکانی (مستەفا کەمال) ، هەرزوو توانی پارتی گەلی کۆماری دامەزراند ئەمەش هەنگاوێکی نوێ بوو لە تورکیای نوێدا.

٧-دەرکردنی کۆمەڵێک یاساو چەسپاندنی بەسەر خەلکێک کە چەندین سەدە بوو پەیرەوی ئاینی ئیسلامیان کردبوو کارێکی ئەستەم بوو لە ڕۆژگاری ئەوکات.

## ليستى سەرچاوەكان

**أ- سەرچاوە كوردييەكان.**

١- ئەحـــــمەد، س، ح. و مەحمـــــــود،ب،س ، مێـــــژووى هــــــاوچەرخى توركيا،چاپخانەى نارين، هەولێر(٢٠١٤).
٢- زورچەر، ئ،ج ، مێــــژووى هاوچــــــەرخى توركيـــــا ، و:د ياســــــين سەردەشتى ، چاپى يەكەم ، چاپخانەى بلومسبيرى ، (٢٠١١).
٣- فـــتح اللـــه ، محمـــد علـــى ، سياســـەتى نـــاوخۆ و دەرەوەى توركيـــا لـــە ســـــەردەمى (مســـــتەفا كـــــەمال) ئـــــەتاتورك(١٩٢٣-١٩٣٨) ، محمـــد علـــى فتح الله ، هەولێر ، (٢٠٢٠).
٤- عبــــدالحكيم ، منســـــور (مســـــتەفا كــــەمال) ئــــەتاتورك ، و: شــــەويار حسن ، هەولێر ، (٢٠١٢).

**ب- سەرچاوە عەرەبييەكان.**

١- احمـــد ، د. ابـــراهيم خليـــل ، تركيـــا المعاصـــرة ، جامعـــه الموصـــل ، مركـــز الدراسات التركية ، (١٩٨٨).
٢- النعيمـــــى ، د احمـــــد ، تركيـــــا وحلـــــف شـــــمال الاطلســـــى ، مطبعـــــة الوطنيه،عمان ، اردن ، (١٩٨١).
٣- برنـــارد ، لـــويس ، ظهـــور تركيـــا الحديثـــة ، ق،ع قاســـم و س، محمـــد ، ، مطبعة جامعة اوكسفورد ، الولايات المتحدة الاميركية ، (٢٠١٦).
٤- زلـــــوم ، عبدالقـــــديم ، كيـــــف هـــــدمت الخلافـــــة ، دار الاقـــــه للطباعـــــة والنشر،(١٩٦٢).
٥- محمـــود ، د. احمـــد عبـــدالعزيز ، تركيـــا فـــى القـــرن العشـــرين ، جامعـــة صلاح الدين ، اربيل ، (٢٠١٢).
٦- نورالـــدين ، محمـــد ، مئـــة عـــام مـــن تـــاريخ تركيـــا الحـــديث(١٩٢٠-٢٠٢٠) ، لبنان ، بيروت ، (٢٠٢٠).
٥- محمـــــود ، شـــــاكر ، التـــــاريخ الاســـــلامى-التـــــاريخ المعاصـــــر- تركيـــــا ، الطبعة الثانية ، المكتب الاسلامى، (١٩٩٦).

**ج- سەرچاوەى ئینگلیزى.**

١- Assouad, L. ٢٠٢٠. Charismatic Leaders and Nation Building. halshs-٠٢٨٧٣٥٢٠v ٢available at : https://halshs.archives-ouvertes.fr/halshs-٠٢٨٧٣٥٢٠v٢/document

٢- Sevin, T. ٢٠١٨. Turkish Language as a Politicized Element: The Case of Turkish Nation-Building. ١٩٦٢٧/١٠,١٨٤٥٢. Available at: https://edoc.hu-

٣- Dogan, G. ٢٠١٦' The establishment of Kemalist autocracy and its reform policies in Turkey' , PHD thesis, Kansas state university, kansas.

٤- Rahman, A. , Wan Ahmad W.I., Ali, N., İsmail, D. & Adam, F. (٢٠١٥). Modernization of Turkey under Kamal Ataturk, Asian Social Science, ١١(٤), ٢٠٥-٢٠٢. http://dx.doi.org/١٠,٥٥٣٩/ass.v١١n٤p٢٠٢

٥- Merryam, J. ٢٠١٣' Kemalism: a revolutionary ideology and its islamist opposition' B.A. thesis, Syracuse university Honors program Capstone Projects. Available at: https://surface.syr.edu/cgi?viewcontent.cgiarticle=١٠٤٣&context=honors capstone

٦- Rear, P, G. ٢٠١٤"Atatürk's. Balancing Act: The Role of Secularism in. Turkey," Global Tides: Vol. ٨. Article Available at: https//:digitalcommons.pepperdine.edu/globaltides/vol٨/iss٩/١

٧- Ünsal, A. ١٩٧٩. Atatürk's Reforms: Realization of a Utopia by a Realist . The Turkish Yearbook of International Relations , (١٩) , ٥٧-٢٧. DOI:

١٠,١٥٠١/Intrel_٠٠٠٠٠٠٠١٩٣availableat:https://dergipark .org.tr/en/download/article-file/٨٤٥١٨٢

٨- Okyar, O. ١٩٦٥. the concept of etatism, the economic journal, volume ٧٥, issue , ٢٩٧, pages, ٩٨-١١١. Available at: https://www.jstor.org/stable/٢٢٢٩٢٣٨

٩- Landau, J.M. (Ed.). ١٩٨٤. Atatürk and the Modernization of Turkey (١st ed.). Routledge. https://doi.org/٩٧٨٠٤٢٩٠٥٠٢١٣/١٠,٤٣٢٤

١٠- berlin.de/bitstream/handle/٢٠٤٠١/١٨٤٥٢/GeT ٢٠%MA٢٠%Working٢٠%Paper٢٠%Series_No١٥_Tol gaSevin.pdf?sequence=١&isAllowed=y

١١- Gingeras, R. ٢٠١٩. Eternal Dawn Turkey in the Age of Atatürk. Oxford university press.

١٢- Zabbal, F ٢٠١٤'Arab ataturk: the weight of history', Franco turkish paper, no. ١٠.